# لە بتەکانی عەقڵەوە بۆ نەفرەتی ووناکی.. وەرگێڕان: نەوزاد مدحەت (گەران عەبدوڵا)

مرۆڤایەتی تا ئێستا لە پەرستنی بتدا ژیاوە، بتەکان لە ئێخلاقدا، بتەکان لە سیاسەتدا، بتەکان لە فەلسەفەدا.
بەم لەدوانە، چەکوشەکەی نیتچە مرۆڤایەتی رووبەڕووی ئاوێنەی حەقیقەتدەکاتەوە. بتەکان چیتر ئەو بەردانەنین کە لە پەرستگاکاندا لەیان دەپاڵێنەوە، بەڵکو چەمکەکانن کە لە کتێب و مەشکدا پیرۆز کراون.
لە سەرەتاکانی مەژوودا، مرۆڤ خوداوەندەکانی خۆی لە ترسەوە دروستکرد، پاشان دەیپەرستن بۆ ئەوەی ئەو ترسە لەبیر بکات. هەموو بیرکەرەوەیەک کە لە سەروو گومانەوە بەرز بکرێتەوە دەبێتە خودایەکی بچووک کە چاوەڕێی پەشکەشکردنی گوڵایەڵی دەکات. ئێخلاق، ڕاستی، عەقڵ، نەتەوە، خودا، خێزان، یەکسانی، ئازادی ئەمانە هەموو ناوی جیاوازن بۆ هەمان پەویستی کۆن، پەویستی کۆنەشبردن.
نیتچە بە تەنیا ئایین تێک ناشکێنێت، ئەو شێوازی بیرکردنەوەیش تێکدەشکێنێت کە وامان لێدەکات باوەڕمان بە شتێک هەبێت زیاتر لە خەمان.

ئەو بتانەی ئەو باسی دەکات بەردی بێدەنگ نین بەڵکو بیرکەرەوەیە کە لە ناخماندا هەناسە دەدەن بەبێ ئەوەی ئەمە هەستی پێبکەین. ئەمە هەموو جۆرێک دووبارەیان دەکەینەوە کاتێک دەڵێین: دەبێ ، پەویستە، باشە، خراپە. ئەو وشانە بتەکانی مەدرەسەن، هەشیاریمان پێکدەهێنن وەک پەرستگاکان هەشیاری کەنانیان پێکهێناوە. خوداوەندەکان لە ئاسمان دوورخرانەوە تەنها بۆ ئەوەی وەک بەها و پرەنسیپ بگۆڕێنەوە. ئەمە لەرەین، بە چاکە دەپاڵێنەوە وەک باوباپیرانمان نوێژیان بۆ خداوەندی خەڵر دەکرد.
مرۆڤ هەرگیز ئازاد نەبووە، ئەو تەنها فەرشی نوێژەکەی بۆ مەزهەبێک گۆڕی، ئینجیل بۆ دەستوور، پەرستگاکەی بۆ زانکۆ. بتەکان شێوەی دەگۆڕێن، نەک جەوهەر.

ئێخلاق، لای نیتچە، کۆنترین و فێڵبازترین بتە. ئەو فێڵەکە قوربانی دایهێناوە بۆ ئەوەی لاوازی خۆی پێبشارێتەوە و بیکاتە یاسا. لە کتێبی ” ڕەچەڵەکی ئێخلاقی- Genealogy of Morality “، ووتی

دەکاتەوە کە چەن چاکە لە ژیانتاڵی بەدەستهاتەکانەوە سەریهەڵداوە، ئەوانەی کە ناتوانن تەنیا بکەنەوە، ناویان ناوە لەخشبوون، ترسنۆکی بە میهرەبانی، ملکەچبوونیان بەستایەوە بە رەحمەتی خوداوە. لەو ساتەوە بەهاکان سەرو ژێر بوون: چاکە بوو بە وەی کە هیچ رەژەک نیشانەی لاوازی نەبووە، خراپە هیچ رەژەک نیشانەی هێز نەبووە.
ئەخلاق تەرازووی ئاسمانی نییە وەک ئەمە منداڵان فێر دەکەین. ئامرازێکی سایکۆلۆژییە خەڵک دایانهێناوە بۆ خنکاندنی هەر تاکێک کە لە سەروی ئەوانەوە بیردەکاتەوە.
لە سوکراتەوە عەقڵی ڕۆژئاوا دەستی کرد بە پەرستنی ئەخلاق وەک ئەوەی خودایەکی نوێ بێت. دانایی ناونرا دەستەمۆکردنی ئارەزوو، شەهوەت یانی کەوتن، بیرکردنەوە لە دژی جەماوەر بە شتێکی. بەم شێوەیە خواستی مرۆڤ بۆ لادابرا و ئارەزووی گوناهایەکی جگەی گرتەوە. ویژدان بوو بە دەنگێکی ناوەکی کە دژی خەڵکی هەڵگەڕێنرایەوە. ئەخلاق چیتر قەڵغانێک نییە بۆ لاوازەکان بەکو زنجیرێکە لە ملی، کە تەنها لە کاتی مردندا ئازاد دەکرێت.
چەکوشکەی نیتچە چاکە وەک هوونەکی نابینێت، بەکو وەک دەمامکێک دەبینێت کە ترسنۆکی لەسەری دەکات ئەوکاتەی بە ناوی خوداوە قسە دەکات. هۆشت مرۆڤ پاک ناکاتەوە، بەکوو هۆگری لەدەکات لەوەی بە تەواوی مرۆڤ بێت.

سیاسەت، وەک ئەوەی نیتچە دەیبینێت، گەورەترین شانەی بتپەرستی مەدەرنەیە. لەوەتەی خودای کۆن مردووە، مرۆڤەکان پەلەیان کرد بۆ دروستکردنی خودای نوێ لە گەشت و دروشمەکان. نەتەوە، خێڵ، دەوڵەت، نیشتیمان. هەموو ئەو دروشم و ناوانە بەرگی پیرۆزیان کراوەتە بەر، بەنام لە راستیدا تەنها بتێکی کەمەڵە بە قووتدانی تاکەکان و مانەوەی خەیان لە "پشت چاکە و خراپە"وە.
چەکوشکەی نیتچە دەنووسێت کە هەموو وەاتێک دەندیەکی خوێن ساردە و کەسی خەشناوێت بەکو لە دەسەزی هاوەاتیانی خۆی دەخوات وەک پەرستگایەک کە لە نوێژی باوەداران دەخوات. ئەمە خودای زۆیە کەس نکۆی لە ناکات، چونکە ئەوانەی گومانیان هەیە بە خیانەتکار ناودەبرێن. لەم جیهانەدا، فەرمانەوا پۆیستی بە تاج نییە، قسەکردن بە ناوی گەلەوە بەسە بە ئەوەی فەرمان بە گوناهایەکی مەگەلەکە بکات. دروشمەکان ئینجیلی سەردەمی نوێن، وەک سیمبولی ڕزگاری لە گەپانەکاندا هەواسراون لە کاتەکدا ئازادی ڕۆژانە بە ناوی ئەوانەوە سەردەبڕێت. نیشتیمان پەروەر جیاوازی لەگەڵ خوداپەرست نییە، هەردووکیان مشکیان داوە بەدەست هەستەکی هەڵە لە

مانای ژیان.

نیتچە سیاسەتمەدار وەک قەشەی مەدرن دەبینێت، دەوەتیش تەنها درێژکراوەی رەنجی کڵێسایە بۆ هەڵکارێکی تر بەردەوام دەبێت. پیاوانی ئاینی روو لە ئاسمان قسەیان دەکرد، سیاسەتمەدارەکانی ئەمڕۆ رووڵە زەوی قسە دەکەن، هەردوو دەنگەکە مرۆڤ بەدەنگ دەکەن بۆ ناوی حەقیقەتی رەهاوە.

فەلسەفە وەک ئاوەڵەی نیتچە دەیبینێت شاراوەترین پەرستگایە لە نێو مەزارگەی بتەکان. فەیلەسوفەکان لە ئەفلاتونەوە خودایان نەدەپەرست، بەڵکو بیرەکەکەیان دەپەرست. قوربانگاکەیان بۆ چەمک و هەوەسم بۆ میتۆد و ئیمانیان بۆ عەقڵ گەیی. بەڵام لە ناوەڕۆکدا وەک قەشە مانەوە و لە ترسی ئاژاوە و پیرۆزی سیستەم.
نیتچە گاڵتە بە ئەفڵاتوون دەکات کە جیهانی نموونەیی بەرز دەکاتەوە بۆ سەرووی هاستی، وە هاستی لە بەهەشت دادەنێت، لەکاتێکدا مرۆڤ لە قوڵدا چەقیوە. ئەم دابەشکردنە گەورەترین درۆی لە مێژووی بیرکردنەوەدا هەنایە بوون: کە عەقڵ لە جەستە پاکترە، بیرکردنەوە لە ژیان پیرۆزترە. پاشان هەگڵ هات و مێژووی کرد بە خودایەکی دوو قاچ، ڕەحی ڕەهای کردە بتێکی نوێ و عەقڵی کردە یاسایەکی گەردوونی بۆ هەموو. بەم شێوەیە فەلسەفە خوداوەندەکانی بۆ ڕەها و قەدەری بە دیالێکتیکی گەشەوە و بەردەوام بڕۆیاندا بۆ بنەماکانی پەرستن لە جیاتی ئەزمونگەری.

نیتچە هەموویانی وەک هەناتوویەک لە هاستی دەبینی، ترسیان لە جوانی دەندانی ژیان وەک خۆی هەیە. ئەوان دەیانویست ئەقڵ وەک عەرش بێت، بەڵام لایەنە ئینسانەکەیان لەدامالی. چەکوشەکەی لە دژی هەموویانی نووسی بۆ گەڵانەوەی فەلسەفە بۆ سەر زەوی، بۆ جەستە، خوێن، ئارەق، غەریزەکان. کاتێک بیرکردنەوە لە سەز جیا دەبێتەوە، دەبێتە پەیکەر. ئەو جۆرە فەیلەسوفانە لە ئاژاوە دەترسن، بۆیە دەبنە بتەکە خۆی.

کاتێک نیتچە مردنی خودای هاگەیاند، ئەو ئاهەنگی نەگەڵا بەڵکو شیوەنی دەگەڵا. خودا بۆ تەنها نامرێت، بەڵکو هەموو ئەو مانایانەی کە مرۆڤ پێی دەژیا لەگەڵ ئەودا دەمرن. لەگەڵ ئەوشدا مرۆڤ بەرگەی بەشاییەکەی نەگرت و پەڵەی کرد، پەرستگای نوێی لەسەر وێرانە کۆنکان بنیادنا، ئەمجارەیان لەسەر وێنەی خۆی. بەم شێوەیە بتێکی ئاینی نوێ لەدایک بوو: مرۆڤ خۆی لەسەر تەختی خودا دانیشت. چیتر ئافەریدگارێک لە سەرەوە ناپەرستێت، بەڵکو خۆی لە ئاوێنەدا

دەپەرستێت.
بە باوەڕی، بە نیتچە ئازادی لە ئایین نەبوو، بەڵکو بەردەوامی بوو بە زمانێکی تر مرۆڤ خۆی دەپەرست لە جیاتی ئاسمان. خۆشک قسەیان بە زانا ئاوگۆڕ کرد، کەمێک بە کۆنفرانس، ئاشکراکردن بە میتۆدی تاقیکردنەوە، بەڵام هەرگیز یەکێک: ملکەچبوون بە ڕاستی وەک دەسەڵات. عەقڵی مەدرن کەمتر لە باوەڕی کۆن ستەمکارانەتر نییە، هەمان دۆنیایی بە شێوەیەکی جیاواز دەسەپێنێت.

ئایین نەمردووە؛ دۆنگی گۆڕی، ئێستا بە ناوی مۆنتیق، مرۆڤایەتی، زانست، بەرژەوەندی گشتیەوە قسە دەکات. لەبەر ئەوە وشە تاکەی نیتچە دەڵێت: «خودا مردووە، بەڵام بۆنی تەرمەکەی هێشتا ئشکۆتەکان پڕ دەکات.» مرۆڤی هاوچەرخ لەسەر وێرانکانی خودا دەژی، بەڵام ئارەزووی بچەکدا هاتنی هەر لاماوە ئاگەر بە خێشیبێت. بتی حەقیقەت وەک ئاوەی نیتشە ناوی لەدۆنێت ترسناکترینی بتەکانە چوونکە لەناو هەزردا دەژێت.
لاوەتی ئافاتوون ڕاستی بە هێما بەرز کردووەتەوە، عەقڵی هێژئاوا دەیپەرستێت وەک باوەدارێک کە پەروەردگاری خۆی دەپەرستێت. بەڵام نیتچە مۆزەکە هەدەگەڕێتەوە: حەقیقەت ئاوە نییە کە دەیدۆزینەوە بەڵکو ئاوەیە کە دروستی دەکەین. پەکھاتەیەکی زمانەوانییە، خواستە بە هێز بە دەمامکی حەقیقەت دەمامکدراوە لە پشت چاکە و خراپە و خواستی دەسەڵات. ئاو باوەڕە کۆرانیە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: مرۆڤ بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێت لەبەر ئاوەی بەوای پێیەتی، بەڵکو بەرگەی ناوەنکان ناگرێت. ئاو فەرمانی داوێت تا دۆنیای بکاتەوە، تەنانەت ئاگەر هێژش بێت. هەموو فەلسەفەیەک لە بنەڕەتدا بەرگریکردنە لەشاوەیەک لە ترس.
نیتچە لە ڕاخنە لە بتی ڕاستی، داوا لە درۆ ناکات بەڵکو داوا لە ئازایەتی دەکات بە دانپێدانان بەوەی کە ڕاستی خۆی هەزکی زمانییە. لەڕەدا ئاو ڕووبەڕووی ئاوە دەبێتەوە کە دواتر میشێل فوکۆ و جاک دەریدا کردیان، ئاشکراکردنی ئاوەی کە زانیاری بتاوان نییە بەڵکو بەستراوەتەوە بە زاڵبوون. ڕاستی ئازادمان ناکات؛ بەڵکو پێناسەمان دەکات لەناو سیستەمکدا کە چاودێری دەکات و دیاری دەکات چی بکرێت و بوترێت. لێرەوە نیچە: هەموو سیستەمکی زانیاری سیستەمکی ئاخلاقییە لە شاوەی شاراوەدا؛ لە پشت هەموو ڕاستییەک، ویستک بە دەسەڵات هەیە کە جیهانبینی خۆی دەسەپێنێت. فیلۆسوفی ستایشکاری ڕاستی تەنها کاهینکی نوێیە کە بەرکەتی زمانی دابەش دەکات بە فەرمانبەران.

عەقڵی مەدرن بووە بە بتێکی نوێ کە بەخێی لێلایەن ئەوانەوە دروستکرابوو کە پێیان وابوو هەموو بتێکانیان لێناوبردووە. کانت لە کتێبی ( Critique of Pure Reason -بەخۆش ڕەخنە لە عەقڵی بەخۆش )، هەوڵی دا سنووری عەقڵ دابنێت نەوەک وەڵ ببێت، لێژیکی کرد یاسا، گومان چاودێری، ئەزموون سەنگی مەحەک. بەڵام نیتچە لە پرۆژەکەی کانت بەردەوامی ڕەح دەبینێت کە دەبێتە هەکاری دامەزراندنی ئەخلاق و ئایین، ترس لە ئازاوە، ئارەزوو بە ڕەکخستنی هەمیشەیی. عەقڵ یاساکانی خێی دادەنێت ئارەزووی هەکارە بە گوڵایەڵی، ڕاستی ناتوانێت وەک ئازاوەیەکی جوان بەرگە بگرێت.

پاشان ڕەشنگێری هات و ئەم بتە نوێیەی لە زانست و پێشکەوتندا پیرۆز کرد. فرانسیس بەیکەن- Novum Organum لە Francis Bacon نووسیویەتی کە زانین هێزە، بەڵام نیتچە بە پێچەوانەوە دەیبینێت کە ئەمە بووە بە دەسەڵات. سیستەمێکە ستەم دەکات لە جیهاندا وەک ئەوەی ئایین پێشتر دەیکرد.
دیکارت- Descartes لە (تەئامان لەسەر فەلسەفەی یەکەم- Meditations on First Philosophy) ڕایگەیاند (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم،) بیرکردنەوە دەکاتە بتێکی نوێ، من، ناوەندی گەردوون، سەرچاوەی بوونی دونیایی. بەم شێوەیە بیرکە پەرستی بەردەوام بوو، ئەمجارە بە جلوبەرگی زانستیەوە.

چەکوشکەی نیتچە لە دژی هەموویان دووستێت وەک یەک هەکار بە بینینی بەندیخانەیەکی زەین. ئەمە خەمان بە عەقڵ ئازاد نەکردووە، عەقڵ خێی لە ئەمە ئازاد کرد بە ئەوەی بە ناوی خێوە کێت و زنجیرمان بکات.

لە ڕوانینی نیتچەدا، دوای مردنی خودا، مرۆڤ وەک بیرکردنەوە نەچووە ناو سەردەمی ئازادیەوە، بەڵکو وەک خۆپەرستی ڕەها. لە هەردوو کتێبی – The Gay Science -Spoke Zarathustra – بەم شێوەیە وێنای مرۆڤی مەدرن دەکات کە لەسەر داروپەردووی مانای کۆن وەستاوە و هاوار دەکات کە گەورەی بوونە کەچی لە ناوەوە وێرانە. ئەو تەختی خودای بە میرات وەرگرت، بەڵام دانایی نەبوو، بوو بە خودایەکی شەواو و دروستدەکات بەبە ئەوەی بزانێت بچی، کەنتڕۆڵی کرد بەبە ئەوەی بزانێت لە کوە و بۆڕو کوە. بەم شێوەیە مرۆڤ خێی بوو بە گەورەترین بەت. فەیلەسوف بە ناوی ئەوەوە قسە دەکات، سیاسەتمەدارەکان وەک بیانوویەک بە ناوێوە قسەدەکەن، هونەرمەندان وەک ناوەندی گەردوون گەرانی پێدا دەڵێن، لە کاتێکدا ئەو تەنها سەبارەکە بەدوای ڕووناکی ونبوودا دەگەڕێت.

بەشێر پەرستی لە هەموو هونەرێ مەدرنکاندا بەرجەستە بوو. لە "ئافراندنی ئادەم"ی مایکل ئەنجەلۆ، دەستی خودا دگاتە مرۆڤ، بەڵام نیتچە پێچەوانکەی دەبینێت: ئەو ساتەی ئاگر لە ئافرێدگارکەوە بە بوونەوەرکی تر تەدەپەڕێت، دەست بە خودپەرستی دکات.
لە شیعرکانی بەدلەر- Baudelaire -، بەتایبەتی گۆڕکانی خراپ، مرۆڤ خۆی وەک بوونەوەرکی کوتوو دادنێت کە پێویستی بە لێخۆشبوون نییە بەڵکو جوانی لە پاییزدا. گەیا لە (ڕەنگە Francisco Goya – (ڕەنگە وێنەی پیاوە نوێیکە دکەشت کە ئاوەی دروستی دکات بە دەستکانی خۆی دیخوات.

هونەر بوو بە ئاوێنەیک بە خۆیستی هۆشیاری مەدرن و موبتەلابوون بە خۆشویستی خودەوە، هەر وەک ئەو چیرکەی نەرگز کاتک وێنەی خۆی لە ئاوی ئاوەکە دبینیت و هەوەدات دست لە خۆی بدات دکەوێتە ناو ئاوەکەوە و دخنکێت. خودپەرستی مەدرن، بە بچووننی نیتچە، تەنها خۆشویستنی خود نییە بەڵکو ملکچبوونە بۆی. مرۆڤ لە کێڵەی خودا گەا بە کێڵەی پێکەرکەی، لە کێشەوە لە بەردەم پەرستگاوە بە کێشەش بە ئاوێنە. لە سەردەمکدا کە من ناوەندی بوونە، ڕاستی دابشێ بوو بە ئەزموونی تاکەکەسی. هەموو پیاوەک بوو بە خودایکی بچووک کە بە دەوری گەلەئەستێرەی تایبەتی خێدا دسوڕێتەوە. بەڵام ئەم خداوەندە نوێیە فشەیە، لە سەر ئاستی هۆشیاری ئەوانی تر هەست بە بوونی خۆی دکات.
لە دونیای نووسینی نیتچەدا مرۆڤ بەگوریسک شکەت دراوە لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤی خاوەن پەگەدا، گوریسک لەسەر بەشایی. مرۆڤ چیتر بەدوای مانادا ناگەڕێت ئەوەندەی بە دوای نمایشکردنی خێدا.

ئەم تراژیدیایە لە هونەردا بە هەمان ئەندازە لە بیرکردنەوەدا دەردەکەوێت. ڤان کوخ وێنەی سروشتی نەکشاوە بەڵکو سووتانی خۆی لە ناویدا کشاوە. هەر ڕەنگێک برینکە لە هۆشیاری، هەر ڕووناکییەک هەوەکی مەحاڵە بە ڕزگاری. ڕەنە ماگریت – René Magritte in *The Son of Man* لە کۆی مرۆڤدا دموچاوکی بە سەو کشاوە بە ئاوی بەڵت مرۆڤی مەدرن چیتر ڕوخساری ڕاستقینەی خۆی ناناسێتەوە بەڵکو لە پشت هەماکانیدا دژێت. لە شیعرکانی ڕیلک – Rilke -، بەتایبەتی Duino Elegies خودهۆشیاری دبەتە ئازارکی پیرز، ململانێ لەنێوان ئارزووی نەمری و ترس لە سڕکردنی ئاوێنە.

هونەر لڕ خۆشگوزرانی نییە بەڵکو تۆکاری ڕەحە، ئاشکرای دکات کە چۆن مرۆڤ بووە بەکێڵەی ئەو خودی دروستی کردووە. جوانی خۆی

بوو بە بتەکی نوێ کە تیایدا مرۆڤ فۆرم دەپەرستێت نەوەک جەوهەر. پاش کۆتنی پەرستگا بەردینەکان، پەرستگاکانی وەنێ بەرز بوونەوە. لە سەردەمی بەدڵەر، هونەر ڕزگاری نەبوو بەکو ماسکێکی جوان بوو بۆ ناشیرینی وەک ئاوەی لە ( گۆڕەکانی خراپ )، کە جوانی بەرەو نشێوی دەڕوات، فریودان مردن دادەپۆشێت. ئێسکار وایلد لە وێنەی (دۆریان گرەی) جوانی کردە نەفرەتێکی ئەخلاقی، جێستە پیر نابێت، ڕۆح لە پشت کامێیەکی ڕواڵەتییەوە بەگۆن دەبەت. ئەوە ڕوخساری نوێی بتەکەیە: جوانی لە ئەزموونی هەستییەوە دەگۆڕێت بۆ میتافیزیکی درێ.

لە مۆسیقادا، ئەم شێتیە گەیشتە لوتکە لەگەڵ واگنەر – Richard Wagner کە هاوێدا ئازار بگۆڕێت بۆ سەمفۆنیای پیرۆز. نیتچە کە لەسەرتاوە کاریگەر بوو پێی، بەڵام دواتر بەرپەرچی دایەوە، لە کێسی ڤاگنەردا نووسیتی مۆسیقاکەی نەخۆشی دەگۆڕێت بۆ ئاوازێکی جوان. هونەری مەدرن، بۆ بەچوونی ئەو، چیتر چارەسەر نییە بەکو جوانکردنی نەخۆشییە، بەنجکردنێکی جوانە بۆ جیهان.

تەنانەت لە تابلۆکانی سلڤادۆر دالی و سیمفۆنیای نۆیەمی ماهلەر- Gustav Mahler-، کە بۆ کاڵبوونەوە کۆتایی دێت کە لە ئازاری مردنی گەردوون دەچێت گومان لە مرۆڤی مەدرن دەبەت کە لە خۆیستیدا مەڵە دەکات تا خنکاندن. هونەر بوو بۆ نەریتێکی میتافیزیکی نوێ بۆ خودپەرستی. جوانی دواییەن پەناگەی بتەکانە کاتێک هەموو خواوەندەکان کۆتن.

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە عەرەبییەوە: نەوزاد مەدحەت (گەران عەبدوڵا)**

**سەرچاوە:**
https://www.youtube.com/watch?v=TUvefmWZyxA&t=739s